# عەفرینیەک 100 هەزار زەیتوون لە هەولێر دەچێنێت

عەبدولڕەحمان عەلی
رووداو - هەولێر

بینینی سەوزاییەکی فراوان لە نێوان کۆمەڵگەی پیرزینی باکووری شاری هەولێرو شارۆچکەی عەنکاوە لە نزیک گوندی "کرک" کە 100 هەزار نەمامی زەیتون و چەندین جۆر سەوزە و میوەی تێدایە دڵخۆشت دەکات. د. وەلید شێخۆ دەڵێ ساڵی رابردوو کە ئێران بە هۆی رفاندنی بەرپرسێکی لە سلێمانی لە لایەن ئەمریکییەکانەوە، ئەو دەروازە سنوورییەکانی بەسەر باشووری کوردستاندا داخستن بڕیاری گەڕانەوەی ئەم پرۆژەیەمدا "ئەوە زیاتر هانیدام کە ئەم پرۆژەیە سەربخەم".

د. وەلید شێخۆ، کە خەڵکی شاری زەیتونان، عەفرینی رۆژئاوای کوردستانە کە زیاتر لە 30 ملیۆن دار زەیتونی لێیە، ساڵی 1991 چووەتە ئەڵمانیاو دکتۆرای لەبواری تەکنەلۆژیای زانیاری وەرگرتووە. چەند لێکۆڵینەوەیەکی لە بواری ئاسایشی خۆراکدا هەیە دەڵێ "باشووری کوردستان هەموو فاکتەرەکانی بەهێزکردنی ئابووری هەن، بەڵام بەشێوەی خاو دەست لێنەدراو هەن، بۆیەش ئیدارەیەکی سیاسی- ئابووری شارەزای پێویستە"، ئەو زۆر بە پێویستی دەزانێ کە حکومەتی کوردستان پلانی سوود وەرگرتن لەو رێژە دەست لێنەدراوانە هەبێت "چونکە تەنیا بەو شێوەیە ئاسایشی خۆراک و نەتەوەیی دابین دەبێت".

ئەوکاتەی رووداو چوو بۆ ئەو پرۆژەیە شێخۆ بەکڵاوەکەی سەری، لەگەڵ 25 کرێکاری ئێراقی هەوراز لەرۆژئاوای کوردستان و 100 کرێکاری خەڵکی شەنگال تێکەڵ بوو. شێخۆ گوتی لە داهاتوودا کرێکاری زیاتریش لەو پرۆژەیەدا دەخەینە کارەوە.

ئەو پرۆژەیە کە لە رۆژی 2008/4/1ەوە دەستپێکراوە 10 جۆرە سەوزە و میوە بەخۆوە دەگرێ. کێڵگەکە ئێستا هەندێ بەرهەم دەداتە بازاڕەکانی کوردستان. شێخۆ لەبارەی پرۆژەکەیەوە دەڵێ: "ئەو پرۆژەیە بەهەنگاوی یەکەمە بۆ خۆبژێوکردنەوەی بازاڕەکانی کوردستان لەخۆراک و شتومەکی بیانی و بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری".

د. وەلید هاوکارانی پرۆژەی چاندنی 100 هەزار نەمامی زەیتوونیان هەبوو لە 2008/11/1 دەست بەچاندنی ئەو نەمامانە دەکەن لە رۆژئاوای هاوینەهەواری پیرمام لەنزیک ناحیەی دارەشەکران.

ئەو پرۆژەیە دوو پلانی کورتخایەن و درێژخایەنی هەیە، شێخۆ دەڵێ لە 3 تا 5 ساڵی سەرەتادا دەمانەوێت بەشێکی گرنگ لەپێداویستییەکانی بازاڕی کوردستان و عێراق دابین بکەین".

بەقسەی د. وەلید، ئەوان لەپلانی درێژخایەندا کە ماوەی 6 تا 9 ساڵ دەخایەنێ، ئامانجیان ئەوەیە زۆرینەی پێداویستییەکانی کوردستان و عێراق دابین بکەن و پاشان هەناردی بۆ بازاڕەکانی دەرەوە بنێن.

ئەگەرچی پرۆژەکە هی کەرتی تایبەتە، بەڵام د. وەلید باس لەوەدەکات کە وەزارەتی کشتوکاڵ هاوکارییەکی باشیان دەکات و دەشڵێت "بەنیازین لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی ستراتیژی لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی خۆراک لەکوردستاندا جێبەجێ بکەین".

رووبەری ئەو پرۆژەیە پێنج هەزار دۆنمە، بەڵام تا ئێستا 800 دۆنمیان بەکارهێناوەو چاوەڕوان دەکرێت لەساڵی داهاتوودا کەڵک لە زۆربەی رووبەرەکە وەربگرن.

رەوەی کشتوکاڵییەکانی ئەم پرۆژەیە بەتۆڕێکی رێکوپێکی سیستەمی دڵۆپە ئاو دەدرێت کە بەقسەی د. شێخۆ ئەو سیستەمە بۆ زەوییەکانی هەولێر زۆر باشە. ئەو باوەڕەشدایە کە ئەگەر چەند کۆمپانیایەکی دیکە هەبن، دەتوانن لەماوەی دوو ساڵدا پێداویستییەکانی بازاڕی کوردستان پڕبکەنەوە، بەشێوەیەک کە چیدی پێویست بە هێنانی سەوزەو میوەی وڵاتانی دراوسێ نەبێت.



د. وەلید شێخۆ لە پشت نەمامەکانی زەیتوون (فۆتۆ: رووداو)